له مەخموور

فیستڤاڵێکی گەورەو بایەخدانێکی کەمی هەندێ بەرپرسە حزبی و ئیدارییەکان!

سۆران قارەمان

لەرۆژانی (٢٩-٣٠-٢٠٠٨/١٢/٣١)یەکەمین فیستڤاڵی رۆشنبیری و هونەری لەلایەن(بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری پارێزگای هەولێر) بە هاوکاری (سەنتەری رۆشنبیری هونەری قەرەچوغ) و (تەلەفزیۆنی چرا) بەڕێوەچوو .

لێرەدا دەستخۆشی لە تەواوی کارگێڕو ستافی ئەم سەنتەرە دەکەم، بۆ سازدانی ئەم فیستڤاڵە مێژوویە، هەرچەندە کەموکوڕی لەرۆژانی فیستڤاڵەکە بەدی دەکرا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فیستڤاڵەکە سەرکەوتوو نەبووە، بەپێچەوانەوە چەندی بڵێی فیستڤاڵەکە رۆژانە بەڕێك و پێکی چالاکییەکانی بەڕێوە دەچوو، ئەمەش ئەزموونی و شارەزایی چەندین ساڵەی رۆشنبیران و هونەرمەندانی شارەکە وایکردبوو کە کێشەو گرفتەکان نەهێڵن، ئەوەش مایەی دڵخۆشی و سەرفرازیە کە بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی ئەوشارەدافیستڤاڵێکی رۆشنبیری و هونەری بەم شێوەیە رێك بخرێت، ئەوەی بەرچاو دەکەوت تەنیا نەبوونی هۆڵ وایکردبوو، کەفیستڤاڵەکە گەورەترین کێشەی بۆ دروست ببێت، هەرچەندە هۆڵێکی بچووکی وەك چالاکی قوتابخانەکان بۆ رۆژانی فیستڤاڵەکە تەرخان کرابوو، کە چالاکییەکانیان لێ پێشکەش دەکرا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو، هۆڵەکە لەبەر بچووکی و ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر نەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت، بەتایبەتی بۆ گروپی میوزیك کە نەیانتوانی وەکو پێویست ئاوازو گۆرانیەکان بگەیەننە بەرگوێی ئامادەبووان، چونکە ئامێری دەنگ واتە(جهاز صوت) بۆ ئەم هۆڵە بچووکە نەدەگونجاو دەنگدانەوەی دروست کردبوو، ئامادەبووان چێژیان لە ئاوازو گۆرانییەکان وەرنەگرت، بەشێوەیەکی هونەری ئەم هۆڵە بۆ ئاهەنگ و گۆرانی شیاو نەبوو، چونکە ڤستڤاڵێکی وا هۆڵێکی گەورەی گەرەکە، کە بەشێوەیەکی هونەری دروست کرابێت.

بێگومان ناوچەی مەخموور بە درێژایی سەردەم لەدەست تەعریب و کاولکاری دەناڵێنێ، رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ئەونا چەیان کردبووە ئامانج بۆ دەستکەوتە گلاوەکانیان بەتایبەتی رژێمی بەعسی رووخاو زیاتر ئەم جۆرە سیاسەتەی پەیڕەو دەکرد، نەیدەهێشت وەکو پێویست جموجۆڵی هونەری و رۆشنبیری لەو دەڤەرەیە سەر هەڵبدات، بەڵکو هەمیشە ویستوویەتی ئەو ناوچەیە بکاتە پێگەی خۆی و خەڵکە رەسەنەکەی لێ دووربخاتەوەو سیمای کوردستانیەتی لێ بسڕێتەوە، بەئاشکرا ئەم سیاسەتەی بەرامبەر بەو شارەیە جێبەجێ دەکرد، چونکە دەیزانی ئەم ناوچەیە کەرستەیەکی زۆری فۆلکلۆری لەبن نەهاتووی هەیە، ئەم شارەیە بەدرێژایی مێژوو دوچاری شاڵاوی تەعریب و کاولکاری بۆتەوە، ئەو شارە بەدبەختە لەوەتەی دروستبووە تاکو ئێستا لەسەرپێی خۆی نەوەستاوەو دوژمنان چاویان لێ بڕیووەو لەخێرو بێرەکەی دەخۆن.

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق خەڵکەکە پشوویەکیان هاتەوەبەر، بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم ئاوڕێکیان لێ بداتەوە، تاکو پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکرنەوە بگەینێتە شارەکەیان، کەچی ئەو ئومێدەشیان وەکو زۆربەی ئومێدەکانی ترزیندە بەچاڵ کران، هەرچەندە ئەو ناوچەیە تاکو ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوەو کەوتۆتە نێوان دوو دوڕیانەوەو ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانی دەکات، هەروەها لەنێوان دووبەرداشەوەیەو هەریەکەو بەهەوەسی خۆی چونی بۆی بلوێ ئەیهارێ و خەرمانەکەی لێ دەخۆن، بێ ئەونەی هیچ کامێکیان بەردێك بۆ بناغەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە دابنێت، سەرەڕای ئەمەش بوونەتە رێگر لەبەردەم گەشەکردن و پێشەوەچوونی بزاڤی هونەری و رۆشنبیری، بۆ بەڵگەش لەو ڤستڤاڵەیەدا بەرونی و ئاشکرایی بەدیارکەوت، چونکە لە رۆژی یەکەم و ریوڕەسمی کردنەوەی فیسڤاڵەکە نەمانبینی نە حکوومەت و نەدامودەزگاکانئامادەگیان هەبوو، لە هەمانکاتدا نوێنەری هەندێ لە حیزبە سیاسیەکان ئامادەنەبوون لە رێوڕەسمی کردنەوەیدا، وەکو پێویست گرنگیان بەو ڤیستڤاڵە نەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ کامێکیان خۆیان بەخەمخۆری ئەوشارەیە نازانن، بەتایبەتی هەردوو حیزبە سەرەکیەکە، کە ئەوان بەردەوام لە میدیاکاندا بە وشەی بریقدارو رازاوە باس لەو ناوچەیە دەکەن، بێ ئەوەی هیچ هەنگاوێك بهاوێن، تەنیا قسە بووەو هیچی تر.

کەچی لەرۆژی کردنەوەی فیستڤاڵەکە، چاوەڕوان دەکرا کە ئەو دوو حیزبە وتاری خۆیان بخوێننەوە، تاکو فیستڤاڵەکە بایەخی زیاتر وەربگرێت لەرووی سیاسیەوە، بەداخەوە لەرۆژی یەکەمی فیستڤاڵەکەدا هەرئامادەش نەبوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم فیستڤاڵە لای ئەوان بێ بایەخەو بەشتێکی بێ ماناشی دەزانن، ئەگینا چۆن لەکاتی کردنەوەی فیستڤاڵێکی وا گەورەدا ئامادە نابن،ئامادەنەبوونیان ئەو راستیە دەسلمێنێ کە ئەو دوو حیزبە خۆیان بەمیوان دەزانن، چونکە ئەندام و کارگێڕانی لق و مەڵبەند، هیچ کامێکیان ماڵیان لەو شارە نیە، هەموو رۆژێك لە بەیانیەوە تاکو نیوەڕۆ دەوام دەکەن، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ هەولێر .

دەبوا هەر چۆنێك بێت ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم فیستڤاڵەیە پیشاندابوایە، لەبەرئەوەی ئەونا چەیە کێشەی سیاسی لە سەرەو تاکو ئێستا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە .

مەخموورو قەراج لە بەینی خانێ و مانێ بوونە دەسکی رەیحانێ

باوکی ژیلا

ئای مەخموورخۆزگە حەوشەو ماڵی مەسئولێك بوایت، تاکو ئەندەنووسی و هینداییەکان پاکیان بکردبایەوە، خۆزگە ناوچەو شاری لەمە چێترەکان واتا (بەرپرسە زەبەلاحەکان) بوایت، تاکو چەشنی تاخمە ددانەکانی نێو دەمیان ددانیان بۆ رەسیفە بێ ددانەکانت کردبایەو چەشنی سمێڵی خۆیان سمێڵی شەقامەکانتیان رەش بکردبایەوە.

خۆزگە وەکو ماستە سپی و بەهارییەکەت بە دڵێکی سپی و سافەوە بمانتوانیبایە خزمەتت بکەین، خۆزگە بە خۆزی داری دونیایێ وەکو مەرقەدی شێخ و پیاوچاکان دەست و دەمی هەموو دزو مشەخۆرو تەڕلوس و بەرلووس و بێنامووسێکت خوار بکردبایە، کە وەکو چەقەڵ دەم دەنێنە نێو جەستە بریندارەکەت و وەکو بزن کاوێژیان بەو شتانە دەکرد کە لێیان دزیویت .

خۆزگە سندووقی دەنگدان بوایت، تاکو بەگرنگیدان و چاودێریکردنەوە مشتومالیان بکردبایت و ئەگەر پێویستیشی بکردبایە نەرمە خروقاتێکیشیان بکردبایت و خۆزگە ئەو بەلێنانەی پێت دران بەقەد زیندەخەونێك مەفعولی هەبوایە .

خۆزگە بەقەد نیوەی بارەگای حزبەکانیش پارك و باخچەت هەبوایەو بەقەد نیوەی ژمارەی مزگەوتەکانیش کتێبخانەت لێبوایە، خۆزگە رووخساری تۆزاوی و چاوتاڵت بەقەد رووخساری هەندێ لە خانمە بەرپرسەکان پارەی عەمەلیاتی تەجمیلی بۆ خەرج بکرابوایە، خۆزگە بەقەد شیعری لەنگە شاعیرێکی ماستاوچی ئاوڕت لێ بدرابوایەوە، خۆزگە بەقەد کەنگری نێو پاشۆڵی پیرێژنێکی بێ نەواو خانە وێرانت عامووديان بۆ گوندێکی وێرانت بردبوایە .

خۆزگە دڵی مەسئولەکانت وەك رێگا گشتییە یەك سایدەکەت، یەك ساید بوایەو تەنها سایدی خزمەتکردنی تۆی تێدابوایە، خۆزگە بازاڕەکەشت بەقەد دیوەخانی ئەو کەسانە جمەی بهاتبوایە کە لە مەفت و خۆڕایی دیوەخانانە وەردەگرن، خۆزگە وەکو ئەو قەیرە کچە نەبوایەیت کە خەون بە سوارچاکی خەونەکانی دەبینێت و کە لە خەویش بێدار دەبێتەوە هەناسە سارد دەبێ و هەژار گوتەنی(چاوی لە قەڵایەکەو کەلاوێکیشی نیە) .

خۆزگە تۆش وەکو گەنجە بێزارەکانمان بتتوانیبوایە رێگای هەندەران بگرێتە بەر و داوای پەناهەندەییت بکردبایە، چونکە ئێستا لە بەینی خانێ و مانێ بووی بە دەنکی رەیحانێ و لە شاپێ وابی لەلای شۆپێی و لە شۆپێ وابی لەلای شاپێی، ناشزانن لەناو چەمێکی و پەلەقاژەتە .

دەشتی قەراج بەشێکە لە کوردستان

موحسین حەمەدەمین

دوای ئەوەی (ستیڤان دیمستۆرا)ی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم یێشنیارەکانی خۆی یێشکەش کرد، بەڵام دەرکەوت دیمستۆرا یرۆژەکەی نادادیەروریبەکی زۆری تێدایە سەبارەت بەناوچە کوردیەکان بەتایبەتی(قەراج)، بێگومان کەلە یێشنیارەکەی ناوبراودا ناوی ناحیەی قەراج هاتووە کە گوایە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە داوادەکەن نەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، مەبەست لێی(ناحیەی قەراج (کۆمەڵگای باقرتە) نیە!؟، بەڵکو دەشتە کاکی بەکاکی و فراوان و بەییت و بەرەکەتەکەی قەراجە،دەرکەوت رەجاوی رێژەی کوردو مێژووی ئەم ناوچەیەو ناوچەکانی تری نەکراوەو لەبەر خاتری چەند هەزار عەرەبێك چەند ناوچەیەکی گرنگی خاکی کوردستانی لە هەرێم دابریوە، هەروەها رەچاوی ئەو رێکەوتنەی نێوان دیمستۆراو هەرێمی کوردستان نەکراوە، کە دەبوو بریارەکانی بەناوی(مەجلیسی قیادەی سەورە) کە یێشتر لەدژی کورد دراون لەبەر چاو نەگیرێ و رێزی دەنگی زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بگیرێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجامدرا!

ئەگەر سەرجەم بەڵگە مێژوویەکان وەلانێین بۆ کوردستانیەتی قەراج، ئەوە تەنیا (حەیران) بەسە کە گەواهی کوردایەتی ئەم ناوچەیە بدات، بۆیە لەدەستدانی ئەم دەشتە واتە سرینەوەی کلتورو مێژوو و ئەدەبی کوردی، بۆیە یێویستەیەرلەمان و سەرکردایەتی کورد نیگەرانی و هەڵوێست دەربرن بەرامبەر شێوازی چارەسەرکردنی ئەم ناوچانەی کە بەرێز دیمستۆرا لە رایۆرتەکەیدا ئاماژەی یێکردووە!

ئەوەی شارەزای مێژووی مەخموور و قەراج بێت باش دەزانێ کە مێژووی کۆنی ئەم قەزایە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئاشوورییەکان، سەردەمی نوێش لە سەدەی نۆزدەوە لە سەر دەستی (ئیبراهیم بایز ئاغای دزەیی) دووبارە ئاوەدان کراوەتەوە، بە هیچ شێوەیەك عەرەب لەم دەڤەرە نیشتەجێ نەبوونە، ناوی گوندەکانی قەراجیش گەواهی ئەو راستیەن (سەلماس – کونە سیخورە – گردیگۆم – محسیناوە – گردەیان – گۆمەشین – حوشترالوك – قوچ – زورنا – شۆرە یەلکە – دۆرەنگێو – گەزۆك – خەزنە – گرد قۆشەنە – ئازیکەند – قەلاتە سۆران – بەردی سپی – گردی گراو – مەحمەل ئۆمەران – گۆڵتەیە – قوچە سییلکە – گردەرەشە – یونگینە – لاسۆر – دوسەرەی ژێری – دوازدە هەوار – جوار گۆمان – دوسەرەی باڵا – جوکوژ – گردەبۆر – دینگاوە – تەلەمەتار – گۆڵگامێشە – عەلیە رەش – ناحیەی باقرتە و چەندانی تر)، ئەگەرچی هەندێ ناوی گوندی تریش دوای هێرشی درندانەی (حەرەس قەومی) کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەهەرای عارەبان ناوی دەبەن گۆراون، یانبش هەندێ گوندی وەك (لاکەچە، گردە هارە، رواره و حەدیقە) ناوەکانیان کوردین کەچی عەرەب نشینن!. لەسەردەمی رژێمی بەعسی رووخاویشدا بەهەزاران هاووڵاتی عەرەب لەناوچەکانی ترەوە هێنرانە ئەم دەشتەو چەندان کۆمەڵگای تەعریبی لێکرایەوە، لەبەرامبەریشدا سەرجەم گوندە کوردنشینەکانی قەراج رووخێنران و دانیشتوانەکەی دەربەدەرو ئاوارەکران!، بۆیە دەبێ سەرکردایەتی کورد ئەوەندە متمانە بەو کەسانە نەکات کە بەناوی نوێنەری عەرەبی دەڤەری مەخموورو قەراج قسەدەکەن و لە بۆنەو یادەکاندا یشتگیری خۆیان بۆ کوردستان دوویاتدەکەنەوە، وەك چۆن لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا ئەوەندەمان بەشان و باڵی عەرەبی ئەو دەڤەرە هەڵدەدا وەك چۆن لەزاری بەریرسان و راگەیاندنەکان دەبانگووت (عەرەبی رەسەن)کەچی بەداخەوە دوای ئەوەی بەدەیان ئوتومبێل و کۆستەر رەوانەی گوندە عەرەبەکان کران بۆ ئەوەی بێن دەنگ بدەن بەلیستی (٧٣٠) کەچی دەرکەوت زۆرینەیان دەنگیان بەلیستی صالح موتلەگ دابوو! ئەمەی خوارەوەش بەڵگەیەکی روونە کەچۆن دەشتی قەراج لەسەردەمی بەعسی فاشیدا بەسەر بەناو شێخ و پیاوماقولە عەرەبەکانی ناوچەکە دابەشکرا .

خشتەیەبەشێك لە دابەشکردنی زەوی وزاری قەراج بەسەر عەرەب لەسەردەمی بەعسدا

ت	اسم رئيس المتبرع	المقطعات	المسكن	المساحات المستملة
1.	احمد مطركوخان	66چوارگزمان	مجمع المعتصم	660دۆنم
2.	عبيد صالح محمد	72دوسەرەی ژێری	قتيبه	1800دۆنم
3.	خلف صالح جلۆ	33قەلاتە سۆران	باقرت	1260دۆنم
4.	محمودحمد الضاحي	72دوسەرەی ژێری	باقرت	5643دۆنم
5.	عزاوی احمد هويد	57حەسارژك 58قوچ	المامون	2330دۆنم
6.	نزال خلف عواد	14سەلماس سەحسوناره	الرايه	1520دۆنم
7.	خضير محمود جابر	23نازی كەند	الثورة	4680دۆنم
8.	خلف جراد ظاهر	28شۆره يەلكە	كياره	1326دۆنم
9.	اسماعيل ابراهيم المعماری	14سەلماس 16كونە سيخوره	الرايه	3840دۆنم
10.	احمد عبد محمد	70لاسۆر-كەلەشخان	الرفاعی	5160دۆنم
11.	خالد سليمان مصلح	51 قوچە سييلكە	يوم الفتح	3070دۆنم
12.	علی حمد جادالله	27 گردی گۆم	گردی گوم	4020دۆنم
13.	صالح هادی علی	81جوركوژ-118تەلەمەتار 82 دیگارە-69برايم باول	قری متداخله	11221دۆنم
14.	حسن لافی سودان	28شۆره يەلكە رمحسوناره	عبدالرزاق مرعی	3780دۆنم
15.	احمد فاضل درويش	56حوشترالوك -96سرناج 57حەسارژك	المامون	6756دۆنم
16.	فارس عبدالله فارس	15خەزنە – 24 گۆمە شين 25 گەزك	خزنه	7440دۆنم
17.	علی عبدالله حسو	70لاسۆر-68 پونگينە 2 گردەرەشە	الرفاعی	6260دۆنم
18.	مبارك ابراهيم جمش	62 گردە چاڵ	يوم الفتح	1380دۆنم
19.	محمد ياسين خضر	50 گولگاميشە	-	1200دۆنم
20.	وعد حامد علی	32 مەحمەل ئۆمەران	مەحمەل	3200دۆنم
21.	علی حمد ئۆزل	20ئۆشمە – 49سيگردكان	-	1267دۆنم
22.	خضرمتران عرئوص	65عەليە رەش -64گردگراری	المعتصم	3240دۆنم
23.	بدرابراهيم حمد	69سرناج صغير	سرناج صغير	3480دۆنم
24.	حسن مرعی حسن	63 گردە بۆر	يوم الفتح	840دۆنم
25.	احمد بدر جمعه	21 دوسەرەی باڵا	موسل	5532